# لە ڕانیە نوسینگەکانی شۆفێری قەرەباڵغەو ژنان کەمتر مۆڵەت وەردەگرن

ئا/ کلسوم حسێن

پەتای دەرکردنی مۆڵەتی شۆفێری لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ لە شارەکانی کوردستانی گرتەوەو خەڵکی بەجیاوازی ڕەگەزو تەمەن سەرقاڵی خولی ڕاهێنانو نوسینگەکانی شۆفێری بازاریان گەرمە.

نەرمین مستەفا لەیەکێك لەو نوسینگانە سەرەی گرتبوو ووتی" کاتێك دەچێتە هەر نوسینگەیەكو ناو دەنوسێت، پاش 3_4مانگ لەچاوەڕوانی، ئینجا سەرەت بەردەکەوێت".

لەکاتێکدا سەرچاوەکانی هاتوچۆ ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی فێرخوازانی مۆڵەتی شۆفێری ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووەو سەروتر دەڕوات، بەڵام بەدەنگ هاتنی ژنانو کچان بەبەراورد لەگەڵ پیاوان کەمترەو ڕێژەکە جێگر نیەو بە گۆڕانی شوێنو بارودۆخ دەگۆڕێت.

ملازم مەریوان لەبەڕێوەبرایەتی هاتوچۆی قەزای ڕانیە کە نزیکەی دوو کاتژمێر لە سلێمانیەوە دورەو ووتی" لەسەرتای ساڵی 2007وە 800فۆرمان دابەش کردووە، تەنها 100 فۆرمی لەلایەن ژنانەوە پڕ کراوەتەوە".

لەلایەکی ترەوە ڕوناك حەمە غریب تەمەن 47ساڵ، و دانیشتوی ڕانیەیە دەڵێت" ئێستا لەگەڵ ساڵانی پێشو ڕانیە زۆر گۆڕاوە، ئەو کات لە ڕانیە بەدەگمەن دەتبینی ژنێك مۆڵەتی هەبێت یان سەیارە لێ بخورێت".

سەرگوڵ ئەحمەدی تەمەن 33 ساڵ پەرستیارەو لە یەکێك لە نوسینگەکانی ڕانیە خولی بینیوەو ووتی" باری کۆمەڵایەتی کاریگەری زۆرە لەسەر خەڵك، پیاوان لە ڕانیە پێیان وایە ژن هەر ژنەو چ پێویست دەکات مۆڵەت دەربکاتو سەیارە لێ بخوڕێت".

هەر لەم بارەیەوە دانا لە نوسینگەی کۆدۆ بۆ ڕاهێنانی شۆفێری دەڵێت" باوكو برا لە ئەنجامی خراپ یان لە تانەو تەشەر دەترسن، بۆیە ڕێگە لە ژنان دەگرن".

دانا مۆڵەتی شۆفێری لەمرۆدا بە پێداویستیەکی گرنك دەزانێتو دەڵێت "مۆڵەتی شۆفێری ئێستا بەڵگەنامەیەکی گرنگە کە هەرکەسێك ژن یان پیاو ئاواتە خوازە بەدەستی بهێنێت".

ئەو ژنان بەکەمتەرخەم دەزانێتو دەڵێت" ژنان خۆیان هەوڵ نادەنو دەرفەت و دروست ناکەن بۆ ئەوەی مۆڵەت دەربهێنن".

ئاماژەش بەوە دەدات کە"دەرکردنی مۆڵەتو خولی ڕاهێنان بڕێ پارەی تێدەچێتو ژنانیش گەر فەرمانبەر نەبن ئەوە خاوەنی گیرفانی خۆیان نین".



ژنێک لە کاتی ڕاهێناندا

بە پێچەوانەوە محمد لە نوسینگەی ڕانیە بۆ ڕاهێنانی شۆفێری، گەشبینە بە ڕێژەی بەشداری ژنان لەو خولانەو مەزەندەی ئەوە دەکات کە ڕێژەکە زیاتر بێتو هۆکارەکەشی بەبۆچونی محەمەد، ڕانیە ئێستا فراوان بووەو" ڕانیە زانکۆو فەرمانگەی حکومی زۆری تێیدا دامەزراوەو ژنانیش لەوێدا کاردەکەن، بۆیە پێویستیان بەسەیارەی تایبەتی خۆیانە بۆ هاتوچۆ".

ناوبراو هۆکاری کەمی ڕێژەی ژن بۆ فێربونی شۆفێری بەکەم نازانێتو گەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ژمارەی ئەو کوڕاسانەی لە ڕانیە دابەش دەکرێن لە چاو شارەکانی تر کەمترەو ڕونی دەکاتەوە کە گرفتی کەمی کوڕاسەکانە وا دەکات قەرەباڵغییەکی زۆر دروست بێت لەبەردەم فەرمانگەی هاتوچۆ" پیاوان لە کاتژمێری 5 ی بەیانیەوە لەسەرە دەوەستن، بێگومان ئەم کارەش بۆ ژنان سەختە".

محەمەد بەدوریشی نازانێت گەر مامۆستای ژنان هەبێت لە نوسینگەکانی ڕاهێنان ئەوە زیاتر ژنان ڕوودەکەنە خولەکانی ڕاهێنان، بەڵام "لە نوسینگەکان مامۆستای نەك ژن بەڵکو پیاویش کەمە، چونکە مامۆستای ڕاهێنەر دەبێت ئەزمونی 3ساڵ شۆفێری هەبێتو لانی کەم شەشی ئامادەیی تەواو کردبێت".

# دیاری کردنی هاوسەر لەژینگەی داخراودا

ئا/ ڕێوان

پرۆسەی هاوسەرگیری لەکۆمەڵگایەکەوە تاوەکو کۆمەڵگایەکی تر جیاوازەو چەندەها شێواز بەخۆوە دەبینێت، لەکۆمەڵگای کوردیشدا بێجگە لە شێوازە باوەکان، نەریتو داخراوەیی کۆمەڵگا لەهەندێك ناوچەدا وایکردووە شێوازێ بهێنرێتە ئاراوە کە بگونجێت لەگەڵ ئەو ژینگەیەداو هەندێ کەسایەتیش ببنە ڕاپەڕێنەری ئەو جۆرە شێوازە.

بۆ نمونە لەشارۆچکەی ڕزگاری، ڕەشید مەجید محەمەدی ناسراو بەمام ڕەشید تەمەن 80 ساڵ یەکێکە، لەو کەسایەتیانە کە ئەرکی یەکترناساندنو ڕێکخستنی ئەو کەسانەی دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن، چ کوڕ بێت، یان کچ، خستویەتیە ئەستۆی خۆی.

ئەو یەکێکە لەپیاوە ناودارەکانی ناوچەکەو بەجۆرێك لەهەر کوچەو کۆڵانێك یان لەهەر منداڵو گەورەیەك پرسیاری بکەیت، پێت دەڵێن "کام مام ڕەشید، ئەو پیاوەی کچ دەدات بەشووو ژن بۆ پیاو دەخوازێت؟"

ناوداریی مام ڕەشید لەوەوە سەرچاوەی نەگرتوە خاوەنی کۆشكو تەلار بێت، یان پلەیەکی وەزیفی، یان دەسەڵاتێکی هەبێت، بە پێچەوانەوە ئەو خاوەنی هیچ کام لەو پلەو پایانە نیە، بەڵام پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو، وەك خەڵکی ڕزگاری دەڵێن"زۆر لەوە گەورەترە".

بەهۆی بەهرەو توانای گفتوگۆ کردنو قەناعەت پێکردنی ئەو کەسو لایەنانەی بەنیازی هاوسەرگیریو چارەسەری کێشەیەك ڕوی تێ دەکەن.

مام ڕەشید ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەرکی ئەو دەست نیشانکردنی هاوسەرە چ بۆ کچێك بێت، یان بۆ کوڕێك، بێگومان لەسەر داخوازی خۆیان، بۆ نمونە، پیاوێك دەیەوێت کچێك هەڵبژێرێتو ئاشنا نیە بە خێزانەکانو نازانێت کێ کچی هەیە، یان ژنێك دەیەوێت کچێکی بدات بەشوو، تەنانەت هەندێ کچان خۆیان داوای لێ دەکەن، هاوسەریان بۆ دیاری بکات، وەك مام ڕەشید دەڵێت" هەندێ جار کچان خۆیان داوام لێ دەکەن، ئینسانێکی ڕێكو پێکیان بۆ بدۆزمەوە، کە توانای هاوسەر گیری هەبێت".

ئەو لە ساڵی 1987 ەوە لە شارۆچکەی ڕزگاری نیشتەجێ بووە، پاش ئەوەی ژنی یەکەمی توشی نەخۆشیەکی کوشندە دەبێت، کچێکی خۆی دەدات بە ژن بۆ خۆیو پاش ساڵێك ژنی یەکەمی گیان لە دەست دەداتو 3کچو کوڕێکی بۆ بەجێ دەمێنێت، ئەو لە ژنی دووهەمی 6کچو سێ کوڕی دەبێتو دەڵێت"7کچم بەدڵی خۆیان شویان کردوە، هەروەها کوڕەکانیشم بە دڵی خۆیان ژنیان هێناوە" ئەو ئاماژە بەوە دەکات، کە پەلەی کردوە لە بەشودانی کچێکی بە ژن بۆ خۆیو هەر ئەوەش وای لێ دەکات چی دی ئەم کارە پەسەند نەکاتو هەوڵیش بۆ نەهێشتنی بدات، بۆیە بە حەسرەتەوە وتی"تەنها ئەو کچەم نەبێت کە بۆ خۆم دام بە ژن، بەدڵی خۆی شوی نەکرد".

ئێستاش مام ڕەشید لەگەڵ گوڵبۆی هاوسەریو منداڵەکانیان هەمو پێکەوە لە خانویەکی قوڕدا دەژین، ئەمەی مام ڕەشید دەیکات، کارێکی فەرمی نیەو خۆبەخشانە یە ودەڵێت" هیچ تەماحێکم نیەو خەڵکی خۆی دێت بۆ لامو بێ بەرامبەر یارمەتیان دەدەم".

ژنێکی دراوسێ ماڵی مام ڕەشید بەدەم پێکەنینەوە وتی" ئەو منو هاوسەرەکەمی ڕێك خستوە، ئێستاش زۆر بەختەوەرین، کێشەمان نیە".

کەسایەتی مام ڕەشید لەنێو خەڵکیدا قورسایی خۆی هەیەو



مام ڕەشید

ئەوان بە پیاوێکی ڕۆح سوكو هێمنی دەزانن، بەڵام گوڵبۆ بە پێچەوانەوە دەڵێت" ئەو لەدەرەوە پیاوێکی هێمنە، بەڵام لەماڵەوە زۆر توڕەیە".

ئەو بێ ئەوە قسەکانی هاوسەرەکەی توڕەیی بکات بۆ چەند چرکەیەك گوزەرێکی بەنێو یادەوەریەکانیدا کردو وتی"ئەوەندەی بیرم بێت شەش سەد کوڕو کچم ڕێك خستون، بێجگە لەوەی کاریگەری تەواوم هەبوە لە چارەسەر کردنی زیاد لە سەد کێشە".

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی خەڵکی ڕزگاری دەست خۆشی لە ئیشەکەی مام ڕەشید دەکەن، بەڵام گوڵبۆی هاوسەری نیگەرانەو دەڵێت" خەڵکی وازمان لێ ناهێنن، بێزار بوینەو چەندین جارە خەڵکم دەرکردوە، کەچی هەر دێنەوە".

بێزاری گوڵبۆ لەوەوە سەرچاوەی گرتوە هەندێ جار کێشەیەك دەکەوێتە نێوان ئەو هاوسەرانەوە کە مام ڕەشید ڕێکی خستون، بۆیە ڕاستەوخۆ گلەیی لەو دەکەنو بە گوناهباری دەزانن لەو زەواجە.

ژنێك نەیویست ناوی خۆی بهێنێت، باسی لە نەهامەتی خۆی دەکرد بەدەست براژنەکانیەوەو کە چۆن ئەوکاتە، پەنای بردۆتە ماڵی مام ڕەشیدو ئەو بەدەنگیەوە هاتوە.

ژنەکە وتی "داوام لێ کرد کوڕێکی باشم بۆ هەڵبژێرێتو بینێرێت بۆ داوام، چونکە براژنەکانم زۆر خراپ بون لەگەڵم" ئەم ژنە دەست خۆشی لە مام ڕەشید دەکردو وتی" من قەرزاری ئەوم، چونکە هاوسەرەکەم زۆر باشەو ئەو منی لەدۆزەخ ڕزگار کردو ئێستاش لە بەهەشتم" ناوبراو کارەکەی خۆی سنوردار کردوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە پاش ئەوەی کوڕێك داوای کچێك دەکاتو هەردوکیان بانگدەکاتو کچەکە تێ دەگەێنێت، کە ئەو کوڕە دەیەوێت پەیوەندی هاوسەرایەتی لەگەڵ ببەستێت، پاش ئەوەی هەردوکیان قسە دەکەنو دادەنیشنو ڕازی دەبن، ئینجا ئەو دەچێتە ماڵی کچەکەو داوای دەکات بۆ کوڕەکە، بەڵام ئەو هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیە وێنەی کوڕێك بدات بە کچێك یان هی کچێك بۆ پیاوێك بەرێت، بەپێچەوانەوە، ڕێگەی گفتوگۆ دەگرێتە بەر بۆ هەر مەسەلەیەکی لەو جۆرەو جەختیش دەکاتەوە کە چی دی ژن بە ژن ناکات "هەرگیز ژن بەژن ناکەمو کچ سەر بەهەوێ بەشوو نادەم، ئەگەر بزانم پیاوێك ژنی هەیەو ژنی تر دەهێنێت هیچ یارمەتی نادەم".

لەگەڵ ئەوەشدا ڕاشکاوانە باس لەو هەڵانە دەکات کە توشی بوەو بۆتە گیروگرفتی لایەنێك. وەك ئەو حاڵەتەی زەواجەکەی تێدا هەڵوەشاوەتەوە، کە دوای ئەوەی پیاوێك لە خانەقیەوە دێتو داوای لێ دەکات فلانە کچی بۆ داوا بکات، ئەمیش بە کچەکە دەڵێتو ڕازی دەبێتو دەیخوازێت، بەلام پاش سێ مانگ بۆیان ئاشکرا دەبێت، کە پیاوەکە ژنی هەبوەو ئەمی بەسەر هێناوە، بەڵام ژنی دووەهەمی تەلاقی خۆی وەردەگرێتو وازی لێ دەهێنێت.

مام ڕەشید هەموو ئەم کێشانە بە ئاسانی وەردەگرێتو پێی وایە هەموو ئیشێك لایەنی چاكو خراپی هەیە، بەڵگەشی بۆ سەرکەوتنی کارەکەی دەیەها خێزانی بەختەوەرن.

وەك ئەو ژنەی کە دەیگێڕایەوە کاتێك کە براکەی ویستویەتی ژن بە ژنی پێ بکاتو ئەم ڕازی نەبوە، چونکە پیاوەکە کەمئەندام بوە، بەڵام براکەی سور بوە کە هەر دەبێت شوی پێ بکات، دوای ئەوەی مام ڕەشید قسەی لەگەڵ دەکاتو پەشیمانی دەکاتەوە ئێستا ئەو ژنە هاوسەری پیاوێکە کە بەدڵی خۆی شوی پێ کردوە.